پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان
کۆمیتەی ناوەندی

# بەیاننامەی کۆتایی هێنان بە کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان لە ٢٦-١٩٨٦/٤/٢٧

کۆمیتەی ناوەندی پارتیمان، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، کۆبونەوەیەکی ئاسایی خۆی کرد لە کۆتایی مانگی نیسانی ڕابووردوودا بە ئامادەبوونی گشت ئەندامەکانی جگە لەو ئەندامانەی کە بارو دۆخی خەبات بواری ئامادەبوونی نەدابوون، کە ئەمەش شەشەم کۆبونەوەیە لە کاتی دامەزراندنی پارتییە خەباتگێڕەکەمانەوە تا ئێستا.

کۆبونەوەکە بە دوو دەقیقە بەبێ دەنگی ڕاوەستان دەستی پێکرد بۆ ڕێز گرتن لە گیانی شەهیدانی پارتیمان و شەهیدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی و بزووتنەوەی نیشتمانی عێراق، لەکۆبوونەوەکەدا ڕاپۆرتێکی سەرتاپایی پێشکەشکرا سەبارەت بە باری جیهانی وڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستان، لە ڕاپۆرتەکەدا هەڵسەنگاندنێکی دوورو درێژ کرابوو بۆ سەرانسەری چالاکی و کارەکانی پارتیمان لەڕووی ڕامیاری و ڕێکخستنی و پێشمەرگایەتی و هاوپەیمانێتی و ئەو ئەرکانەی لەسەررێی پارتیمانە. دوا بەدوای ئەوە گفتوگۆیەکی گشتی کرا لەسەر گشت لایەنەکانی ڕاپۆرتەکەو چەند بریارێک درا بۆ پتەو کردنی پایەی پارتیمان و بەرەو پێش بردنی کارەکانی و پێشخستنی کاری شۆڕشگێڕانەلە ولاتەکەمان دا بۆ خزمەتی ئارمانجە نیشتمانی و دیموکراسی و پێشکەوتنخوازییەکانی گەلی کوردمان و گەلی عێراقمان.

## باری جیهانی:

ڕاپۆرتەکەی کۆمیتەی ناوەندی ڕوونی کردەوە کەسەرەڕای چاوپێکەوتنی لوتکە لە جنێڤ لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە گشت هێزە ئاشتیخوازەکانی جیهان پێشوازییان لێکرد، بەلام باری جیهانی زۆر شلۆقەو ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ڕامیاری سەرکردایەتی ئەمریکا کە دامەزراوە لەسەر سەپاندنی پێشبڕکێی خۆ پڕ چەک کردن و گواستنەوەی بۆ ئاسمان بە هۆی ئەو بەرنامەیەی کە پێی دەوترێ (ئەستێرەجەنگ) و بەرز کردنەوەی ئاستی ڕامیاری هەڕەشەکردن و شەڕ پێ فرۆشتن و دوژمنایەتی کردنی ڕاستەوخۆ کە هەڵوێستەکانی ئەمریکا سەبارەت بە جەماهیری لیبیا و نیکاراگوا و ئەنگۆلا و چەندین ولاتی تر چاکترین بەڵگەن بۆ ئەم ڕامیارییە، کەئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە شارستانێتی مرۆڤایەتی زیاتر نزیک بکاتەوە لە کارەساتی ئەتۆمی.

نە ولاتە یەکگرتووەکان و نە هیچ ولاتێکی تر نە چوون بەدەنگ دەستپێشکەرییەکەی یەکێتی سۆڤییەتەوە بۆ ڕاگرتنی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکان و هەروەها نەچوون بەدەنگ ئەو بانگەوازەیەوە بۆ دانانی سنورێکی یەکجاری بۆ ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە، چونکە تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکان شابالی پێشبڕکێی خۆ پڕ چەککردنە ئەمە جگە لە مەترسییەکانی تری. هەروەها نەچوون بە پیر بانگەوازە گرنگەکەی یەکێتی سۆڤیێتی یەوە بۆ ڕزگار بوون لە گشت جۆرەکانی تری خۆ پڕ چەککردن تا ساڵی دوو هەزار لە کاتێکا کە ئەم دەستپێشکەرییە جێگای ڕێزلێگرتن بوو لەلایەن ولاتان و هێزە ئاشتیخوازەکانی جیهان و بزووتنەوە فراوانە جەماوەرییەکانی ئاشتی خواز لە ئەورووپا، ئەوەش بزانرێ کە ڕامیاری خۆ پڕچەککردن زیانێکی ئابووری گەورەیە بۆ هەموو لایەک تەنانەت بۆ ولاتە یەکگرتوەکانیش کە ڕادەی پەککەوتن لە بودجەکەی دا گەیشتۆتە پتر لە (٢٠٠) ملیار دۆلار، بەلام ئیمپریالیزم زۆر زۆر بەپەرۆشە بۆ تەگەرە خستنە سەر ڕێی ولاتە سۆسیالیستەکان و سەر ڕێی پتەوبوونی پلەو پایەیان بە شێوەیەکی سروشتی و بەخێرایی و درێژ کردنی دەستی یارمەتی بۆ گەلانی خەباتگێر.

بەلام سەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقەلاکانی ئیمپریالیزم و ڕامیارییە دوژمنکارییە شێتانەکەی ڕیگن، کاری شۆڕشگێڕانە لە جیهاندا ڕانا وەستێ، لە ئەمریکای ناوەڕاستدا کوبا بەردەوامە لەسەر بنیاتنانی سۆسیالیستی و نیکاراگوا بەرگری خۆی پتەو دەکات دژی بەکرێگیراوەکانی (کۆنترا) ی پاشماوەی چەتەکانی سۆموزا کە ئەمریکا چەک و یارمەتییان دەداتێ، لە سلفادۆریش شۆڕش هەر بەرەو پێش دەچێ. لە کۆماری خوارووی ئەفریقایش هەڵچوونی شۆڕشگێڕیی جەماوەرییانەی ملیۆنەها ڕەش پێست لەبەرزبوەنەوەدایە دژی حوکمی سپی پێستە ڕەگەزپەرستەکان کە لەلایەن ئیمپریالیزم و زایۆنیزم پشتگیری لێ دەکرێ و ئەم

بزووتنەوە جەماوەرییە ڕەگ داکوتاوە کاریگەری ڕاستەو خۆی هەیە بۆ سەر سەرانسەری خەبات لە کبشوەری ئەفریقادا .

**بار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا :**

ڕاپۆرتەکە پەنجەی ڕاکێشا بۆ ئەوەی کە بارو دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بوونی دوژمنکارێتی ئیسرائیلی بەخۆیەوە بینیوە ، ئەوەش بە پشت بەستن بە پتەوکردنی هاوپەیمانی ستراتیژی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فراوانبونی ئەو ڕۆڵەی لەلایەن ئیمپریالزم دراوە بە تورکیا بۆ دوژمنایەتی کردنی وڵاتە نیشتمانیەکان و بەرەنگاری کردنی بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی نیشتمانی بەتایبەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردمان و پشتگیری کردنی حکومەتە کۆنەپەرستە لاوازەکانی ناوچەکە ، بەڵام سەرەڕای هەموو چالاکیەکانی ئیمپریالیزم و زایونیزم و کۆنەپەرستان ئەوا میسر ڕاپەڕینێکی توندو تیژی بەخۆیەوە دی کە بەشێوەیەکی سەرەکی سەربازەکانی ( ئەمنی مەرکەزی ) تیایدا بەشدار بوون ، ئەم ڕاپەرینە ڕژێمی بورژوایی مشەخۆری سەر بە ئیمپریالیزمی بە توندی هێنایە لەرزین . بە هویەوە نالەباری باری ئابووری و ڕامیاری میسر ئاشکرا بوو . هەروەها دەرکەوت کە گەلی میسر ڕەفزی کامپ دیفید دەکات کە بۆتە مایەی هەژاری و برسێتی و سەربەستی لەدەست دان و دابڕان لە وڵاتانی عەرەبی لەبری گەشەکردن کە خاوەنەکانی کامپ دێڤید بەڵێنیان پێدابوون . گەر ڕژێمی میسر و ڕاوێژ کارە ئەمریکایی و زایۆنییەکانی سەرکەوتوون لە سەرکوتکردنی ئەم ڕاپەڕینەدا ، ئەوا هەموو نیشانەکان تەشەنەکردنی کێشەی ئابووری پیشان دەدەن لەگەڵ باری ڕامیاری وگەلی نائارام لە میسر . ئەوەی ڕووی دا تەنیا قۆناخێکی ئەو ڕێگایەیە کە مەبەستی دارمانی ڕژێمی کامپ دێڤیدە . زۆر کردنی ئەمریکاییەکان لەموبارەک بۆ بەکارهێنانی توندو تیژی زیاتر و سەرکوت کردن ناتوانی چارەسەری باری میسر بکات کە گەلەکەی تینووی ئازادبوونە لە کۆت و پێوەندەکانی کامپ دێڤید و بۆ گێڕانی دەوری پێشرەویی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی نیشتمانی عەرەبدا .

ماوەی ڕابووردوو مردنێکی لەسەرەخۆو ناڕاگەیەندراوی بینی بەخۆیەوە سەبارەت بە ڕێکەوتننامەی عەممان لە نێوان ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین و مەلیکی ئەردەن. گۆڕ کردنی ئەم ڕێکەوتننامەیە بە شێوەیەکی ڕەسمی و ئاشکرا دەتوانێ کوسپی گەورەی سەر ڕێگای یەکێتی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین لاببات. پارتیمان پشتگیری خەباتی گەلی فەلەستینی برا و لایەنە پێشکەوتنخوازو نیشتمانیەکانی دەکات لە پێناوی گێڕانەوەی یەکێتی بۆ ریزەکانی ڕێکخراوی ئازادیخواز لەسەر بناغەی ڕێبازە مێژوویەکەی کە دژ بە ئیمپریالیزم و زایونیزم و کۆنەپەرستیەو دژ بە گشت پرۆژە خۆ بەدەستەوەدەرەکان و هەموو ڕێکەوتنە لابەلاییەکانە . یەکگرتنی لەم چەسنە بەردی بناغەیە لە خەباتی گەلی فەلەستین دا لە پێناوی گەڕانەوەو دیاریکردنی مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی سەربەخۆ .

پارتیمان پێشوازی لە ڕێکەوتننامەی سێ قۆڵی دەکات لە لوبنان و پیلانەکانی کۆنەپەرستان و زایۆنی تاوانبار دەکات دژی بەلای پارتیمانەوە ئەو ڕێکەوتننامەیە بناغەیەکی چاک و دادپەروەرانەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی لوبنان و کۆتایی هێنان بە شەڕی ناوخۆ و بەدیهینانی یەکێتی نیشتمانی و پتەو کردنی خەبات دژی ئیسرائیل کە هێشتا هەندێ خاکی لوبنانی داگیر کردووە لە خوارووی لوبنان .

لەم چەند مانگەی دواییدا نرخی نەوت زۆر دابەزییە خوارێ و ئێستا نرخی لە نیوەی ن..ی جارانی کەمترە . گومانی تیا نیە کە وڵاتە یەکگرتوەکان و وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی تر لەگەڵ هەندێ لە وڵاتانی نەوت دەستیان لەم پیلانەدا هەیە و پاڵیان بە وڵاتە کۆنەپەرستە- کانیشەوە نا بۆ ئەم ریگایە،ئەمە لە کاتێکا کە لیبیا و ئێران و جەزائیر بە توندی دژی ئەم پیلانە ڕاوەستان و ڕژێمی صدام هیچ نوزەی لێوەنەهات دژی ئەم پیلانە . ئەمریکا بە ئاشکرا هاتە ناو مەیدان و شکاندنی نرخی نەوتی ڕاگرت لە ئاستێکی دیاریکراودا ، ئەوەش لە کاتێکا کە نرخ کەم بوونەکە گەیشتە ڕادەیەک کە زیان بگەیەنێ بە ئەمریکاییە نەوت بەرهەم هێنەرەکان .

هەروەک چۆن زۆر بەرزبوونەوەی نرخی نەوت کاریگەریێتی درێژخایەن و ئاڵۆزو هەمە لایەنی هەبوو بۆ سەر گەلانی ناوچەکەمان و بۆ سەر ئابووری و خەباتیان و پتەو بوونی پایەی حوکمە بیروکراتییەکان هەروەها ئەم نرخ شکانە زۆرەی نەوتیش کاریگەریێتی درێژ خایەن و ئاڵۆزی هەیە و دەبێ بە قووڵی لەلایەن هێزەکانی بزووتنەوە ئازادیخوازییە نیشتمانییەکانی ناوچەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ کەئەمە بزووتنەوەی نیشتمانی عێراق و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردیش دەگرێتەوە .

لەماوەی ساڵی ڕابووردودا سۆدان گوێزرایەوە بۆ ڕژێمێکی دیموکراسی بە پەنابردنە بەر هەڵبژاردنی میللی کە پاشبارودۆخێکی تا ڕادەیەک باشی ئازادییە دیموکراسییەکان کە ڕاپەرینی گەلی سۆدان سەپاندبووی و ڕژێمە ڕزیوەکەی نومەیری بەکرێگیراوی ڕووخان.

هەرچەند ئەم تاقیکردنەوەیە کەموکوڕیشی هەبێ، ئەوا ئێمە پێشوازی لێ دەکەین و ئاواتەخوازین کە گەلی سۆدانی برا و هێزە نیشتمانییە پێشکەوتنخوازەکانی بتوانن لە سایەیدا چارەسەری ئەو گیرو گرفتانە بکەن کە دووچاری دەبن وەک گیروگرفتی خوارووی سۆدان و گیرو گرفتی ئابووری .

لەم چەند ڕۆژەی دواییشدا دوژمنکارییەکی چەکدارانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی ڕوویدا بۆ سەر جەماهیری لیبیا کە ناوچەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست لە کاتی دەست درێژییە سێ قۆڵییەکەی سەر میسر بەر لەسێ ساڵ تا ئێستا بە خۆیەوە نەدیوە . ئەم دەستدرێژییە کە زۆر بە ووردی ڕێ و شوێنی بۆ دانرابوو مەبەستی لەناو بردنی سەرکردەی شۆڕشی لیبیا موعەممەر قەزافی بوو تا بتوانن ڕژێمی ئازادیخوازی میللی لیبیا بڕوخێنن و کۆتایی بە دەوری ئازادیخوازانەی قەزافی بهێنن لە سەر هەردوو گۆڕەپانی عەرەبی و جیهانی. دەستدرێژییەکە نەیتوانی ئامانجەکانی بهێنێتە دی و پیلانەکانیشی تاوانبار کران لە لایەن وڵاتە عەرەبییەکان و جەماوەری عەرەب و ڕیسوا کران و گەلانی جیهان و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکانی و وڵاتانی بێ لایەن و وڵاتانی سۆسیالیستی و زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش تاوانباریکرد. لەگەڵ ئەوەشدا ڕیگن و هاوکارەکانی سێ و دوو ناکەن لە ڕاگەیاندنی نەخشەکێشان بۆ دەستدرێژییەکی تر بۆ سەر ئەم وڵاتە کە لەسەر سیاسەتێکی نیشتمانی سەربەخۆ دەڕوات بەڕێوە . گەر ڕیگن مەسەلەی تیرۆری کردووە بە ڕووپۆشێکی پەرپووت بۆ دوژمنکارییەکەی ، ئەوا ڕاستی مەسەلەکە ئەمەیە کە دەستەو دایەرەکەی چەندین ساڵە لە هەلێک دەگەڕێ بۆ زەبر گەیاندن بە جەماهیری لیبیا ، بۆ لەناوبردنی دەوری لیبیا کە دژ بە گشت نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایونیزمە و پشتگیری دەکات لە بزووتنەوەکانی ئاشتیخوازی نیشتمانی عەرەبی و جیهانی .

شایانی باسە کە ئەم دەستدرێژییە ئەمریکییە دوا بەدوای دووەم کۆنگرەی (المثابة العالمیة) هات کە کۆنگرەیەکی میللی جیهانی بوو مەسەلەی کورد شوێنێکی ناوەندی تێدا داگیر کردبوو ، کە ئەوەش بە پشتگیری ڕاستەوخۆی سەرکردەی شۆڕشی فاتح ی ئەیلولی مەزن موعەممەر قەزافی بوو .

دەستەو دایەرەی ئیمپریالیزمی دەست درێژکەر ( ڕیگن ) لەم سنورەشدا ڕاناوەستێ ، لەم ڕۆژانەدا هەڕەشە دەکات لە سوریا و ئێران ، ئەمجارەش مەسەلەی تیرۆر دەکات بە بیانوو کە بەئارەزووی خۆی ئەو تۆمەتە دەخاتە پاڵ هەر لایەنێک تا لەژێر ئەم پەردەیەدا تیروری مەزنی دەوڵەتیی ئیمپریالیزمی لەسەر فراوانترین ئاست جێبەجێ بکات .

ماوەیەکە ئیسرائیل بە هاریکاری لەگەڵ ئەمریکای هاوپەیمانی ستراتیژدا خۆی ئامادە دەکات بۆ دەستدرێژییەک دژی سوریا بەو هیوایەی سنوور دابنێ بۆ دەوری نیشتمانی ئازادیخوازانەی سوریا لە ناوچەکەدا و بۆ ئەوەی ڕێگای لێ بگرێ لە گەشەدان بە هێزە بەرگرییەکانی بەرەو بەدیهێنانی هاوسەنگی ستراتیژی . مەسەلەی خۆ ئامادەکردنی ئیسرائیلی - ئەمریکی بۆ دەست درێژی کردنە سەر سوریا گەیشتۆتە ئەوپەڕی. لە هەمان کاتیشدا حسابێکی گەورە دەکەن بۆ هێزی بەرگری سوریا و هاوپەیمانێتی نێو دەوڵەتی سوریا و دەوری سوریا لە ناوچەی عەرەبی دا ، لەبەر ئەوە ئەگەر دەستدرێژییەکەی تەنیا شێوازی ئیسرائیلی هەبوو ئەوا لە ناوەڕۆکدا ئەمریکی - ئیسرائیلی یە و هەوڵیش دەدەن بۆ ڕاکێشانی زۆرترین وڵاتی ئیمپریالیزمی بۆ پشتگیری کردنی ئەم دوژمنکارییە . گەر دەستدرێژییەکەی ئەمریکا بۆ سەر لیبیا بۆتە مایەی نوشستییەکی ئەخلاقی و سیاسی بۆ

ئەمریکا و سەرنەکوتووە لە هێنانەدی ئارمانجەسەربازییەکانیا ، ئەوا ئێمە پێمان وایە دوا بەدوای ئەو دەستدرێژییەکیش دژی سوریا ڕوودەدات کە ئەنجامەکەی لەوی لیبیا خراپتر دەبێ .

لەسەر ئاستی عێراق:

جەنگی ئێران و عێراق بەردەوامەو هێشتا صدام و داروودەستەی ڕاگەیاندنەکەی شانازی پێوە دەکەن و بە قادسیەی صدام ناوی دەبەن، ئەم جەنگە شەڕی گەورەو دژواری بە خۆیەوەبینیوە وەک هێرشکردنی زۆرو یەک لەدوای یەک بۆ سەر دوورگەی خارک بۆ پەکخستنی ناردنە دەرەوەی نەوتی ئێران و بوردومان کردنی شارەکان و تێپەڕبوونی هێزەکانی ئێران لە هێڵی بەرەی عێراق بە شێوەیەکی گرنگ لە ناوچەی فاو کە شوێنێکی بایەخدارە لە ڕووی ئابووریوسەربازی و جیو پۆلیتیکی یەوە ، ئەمە جگە لە چەندەها شەڕی تر کە لە کوردستان لە نێوان عێراق و ئێران دا ڕووی داوە .

جەنگ بەسەر هەموو لایەنەکانی کاروباری وڵاتەکەمان دا زاڵ بووەو کاریگەریتی قووڵی خۆی جێهێشتووە لەسەر ئێستا و داهاتووی وڵاتەکەمان و ڕژێمیش هیچ دەست بەرداری سیاسەتی تاوانکاری خۆی نیە چ لەسەر ئاستی ناوخۆ یا عەرەبی کۆنەپەرستانە یان بیانی ، کە لە بنەڕەتا ئەم جەنگەی لە بری ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بەرپا کرد. بەپێچەوانەوە ڕژێمی فاشی زیاتر خوێناوی بووە، ئەوەشلەو هێرشە زۆرانەی لە سێدارە دان و کوشتن و بڕین و گرتن دا خۆی دەنوێنێ کە ئەنجام دەدرێن دژی هەرکەسێ کە دژی زۆرداری ببزوێ ، هەروەها خۆی دەنوێنی لە زیاتر دژایەتی کردنی هێزەکانی موعارەزەی نیشتمانی و جەماوەری عێراق بەگشتی و لە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد و جەماوەرەکەی کە هەمیشە و بەردەوام ڕوو لە پەرەسەندنە. ڕووداوە خوێناوییەکانی پایزی ڕابوردووی سلێمانی وهەولێر و شارەکانی تری کوردستان و هێرشی ڕەگەز پەرستانەی گواستنەوەو تەختکردنی گوندەکان کە (٢٥٠) گوندی گرتبۆوە ( جگەلەگوندەکانی سەر سنور ) لەساڵی ١٩٨٥ دا و داخستنیقوتابخانە و ڕاگرتنی هەموو خزمەتگوزارییەکی حکومەتی لە نزیکەی ( ٨٠٠ ) گوندی تردا هەندێ نیشانەو بەڵگەن بۆ زیاد بوونی ڕادەی دڕندایەتی و خوێنمژی ڕژێمی فاشی عێراق . جەنگی شۆڤێنیزمی دژی گەلی کورد کە زۆرجار شێوازی جەنگی قەڵاچۆکردن دەگرێتە خۆی هەربەردەوامە و هەرکاتی ڕژێم لەتوانایدا بێ ئاگری ئەوجەنگە زیاتر جۆش دەدات .

دوژمنایەتی کردنی دیکتاتۆری سەدامی بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی عەرەب ، چ بۆ دەوڵەتان و چ بۆ لایەنەکانی ئەو بزووتنەوەیە و هەوڵ دانی بۆ دووبەرکی خستنە ناویقوڵتر دەبێتەوەو کلکایەتی ئەم ڕژێمە بۆ کۆنەپەرستان و ئیمپریالیزمی ئەمریکی و پاڕانەوە بۆ یارمەتی تەنانەتلە زایۆنیش ساڵ دوای ساڵ و مانگ دوای مانگ زیاتر دەبێ ، ئاشکرایەو هیچ گومانی تیانیە کە صدام و توێژە بۆرژواییە مشەخۆرە خاوەن دەسەڵاتەکە کە خاوەنی ملیارەهاو ملیۆنەها دیناری دزراون لە سامانی گەلی عێراق توانای نیە بێتەوە هۆشخۆی یان لە ڕامیارییە تاوانکارییەکەی بگەرێتە دواوە .

بەلای ئێمەوە لە بەرامبەر جەنگ و کارەساتەکانی و لەبەرامبەر سەرجەمی سیاسەتی صدام و ئەو نەهامەتییانەی بەسەر عێراقی دا دەهێنێ پێویستە لەسەر موعارەزەی نیشتمانی بەگشت لایەنە دیموکراسی و نەتەوەیی و ئیسلامیەکانییەوە کە لەناو شێوازێکی بەرەیی و هاریکاری و پێکەوە کارکردنا ڕیزەکانی خۆیان بکەن بەیەک و خەباتی ڕۆژانەی خۆیان زیاتر پەرە پێ بدەن لە پێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی خوێنمژ ، هەروەها دەبێ ئەم کارە ئەنجامبدرێ شان بەشان لەگەڵ خەباتکردندا لە پێناوی کۆتایی هێنان بە جەنگ و هێنانەدی ئاشتییەکی دیموکراسیانەی داد پەروەرانە لە گەڵ ئێرانی دراوسێ بەبێ داگیر کردنی زەوی یەکترو بە پاراستنی مافی گەلی عێراق بۆ هەڵبژاردنی ئەو ڕژێمەی کە خۆی دەیەوێ.ئەبێ ئەوەش بزانین کە ڕژێمی صدام بە هیچ جۆرێک توانای بەدیهێنانی ئەم کارەی نیە .

ئەرکی سەرشانی وڵاتە عەرەبیە نیشتمان پەروەرەکان و گشت لایەنەکانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی عەرەب و هەموو دۆستانی گەلی عێراقمانە لە ناوچەکەو لە جیهان داکەپشتگیری خەباتی موعارەزەی نیشتمانی عێراق بکەن لەپێناوی ئەم ئارمانجە ڕەوایانەی دا چ بە یارمەتی دان یا بە کارکردن بێ لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتان .

**لەسەر ئاستی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد :**

ڕاپۆرتەکەی کۆمیتەی ناوەندی بەووردی باسی باری بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمانی کرد، ئەوەی ڕەچاو کرد کە بزووتنەوەکە بە شێوەیەکی گشتی دووچاری پەنگ خواردنەوەو جۆرە گەڕانەوەیەک بووە ، هەرچەندە لێرەو لەوێش هەندێ پێشکەوتن بەدی دەکرێ . گەرچی باریش وەک ساڵی پێرار دیاردەی سەلبی گەورەی ناوخۆیی بە خۆیەوەنەدی . ئێستا بە تەواوی ئاشکرا بووە کە ئەوەی لەژێر هەر پەردەیەکدا یا بە هەر بیانوویەک سیاسەت و پراکتیکی دژ بە بەها شۆڕشگێڕییە نیشتمانییەکان بکات لە بەرامبەردا لە جەماوەریتی خۆی کەم دەبێتەوە . هەروەها سیاسەتی تیرۆر و سەرکوتکردنیش دژی گەلە ئازادیخوازەکەمان لەلایەن چەوسێنەران وەک جاران بەشێوەیەکی گشتی هەر بەردەوامە ، لەهەندێ لایەنیشەوە شێوازی توندوتیژ تری گرتۆتە خۆی .

باری پەنگ خواردنەوە لە ئەنجامی سەرکوتکردن و تیرۆر پەیدا نەبووە، بەڵکو شەڕی برا کوژیو شەڕە نامەبدەئییە ناوخۆییەکانی تر و سیاسەتی چەوتهێناویەتە بەرهەم .

بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان پێویستی هەیە بە خۆ نوێ کردنەوەو یەکخستنی ڕیزەکانی و گرتنە بەری سیاسەتی نیشتمانی پێشکەوتنخوازانەی نەگۆڕ بۆ ڕاپەڕینی جەماوەر و گێڕانەوەی توانا خۆییەکانی بۆ هەڵمەت بردن بەرەو پێش .

بەڵام لەسەر ئاستی کوردستانی عێراق ، گرنگترین هۆی سەلبی کاریگەر لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی چەکدار بریتییە لەو گواستنەوە بەرفراوان و بەردەوامە زۆرەملێیەی جوتیاران و کاول کردن و تەختکردنی گوندەکانیان لەلایەن دەسەڵاتداری شۆڤێنی فاشییەوە لەگەڵ ئەو جەنگە ئابووری و کۆمەڵایەتییە نهێنییەی دژی گوندەکانی تر بەرپا کراوە ، تەنانەت ئەو گوندانەشکە کەوتونەتە قەراغ شارەکان .

سەربارێ ئەمەشدا بەشکردنی کوردستانی عێراقە بۆ دوو بەشکە وا بۆ دەساڵ دەچێ لەژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدایە، کە ئەم پلاوان کردن و بەشبەشکردنەش لە لایەن گەلەکەمانەوە بە یەکجاری ڕەفز دەکرێت . ئەمە جگە لە شەڕەکانی جەنگی ئێران و عێراق کە لە کوردستان ڕوو دەدات و دەبێتە بەربەستی خەباتی پێشمەرگەو ئەو ناوچانە کاول دەکات کە تیایاندا ڕوو دەدات .

**خەباتی پارتیمان لە بەرەو پێشەوە چووندایە :**

ماوەی نێوان دوو خولی کۆبونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی بەرەو پێشەوە چوونێکی چۆنیەتی بەخۆیەوە بینی سەبارەت بە خەباتمان، کە پارتییە خەباتگێڕەکەمان توانی دەست بکات بە دامەزراندنی بنکەکانی بە ئاشکرا لە کوردستانی ئازاد کراو، شایانی باسە کە ئەم کارە بە شێوەی ئاشتییانە هێنرایە بەرهەم ، بەیارمەتی و هاریکاری کردن لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لەبەرەی نیشتمانی دیموکراتی ( جود ) . ئەم کارە ڕێگای خۆشکردووە لەبەردەم پارتیماندا

تا بە شێوەیەکی چاکتر نزیک بێتەوە لە جەماوەری گەلەکەمان و خۆی ئامادە بکات بۆ خەباتی چەکداری. پارتیمان لەماوەی ڕابووردوودا بێ ووچان کاری کردووە بۆ پەروەردەکردنی کادرو بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری پێشمەرگایەتی و پتەو کردنی ڕێکخستنەکانی و فراوانکردنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ جەماوەر . شایانی پەنجە بۆ ڕاکیشانە کە ناوەندە میللی ونیشتمانییە ـ کان و دۆستانی گەلەکەمان لە گشت لایەک بە شادمانییەوە پێشوازی لەم بەرەو پێشەوە چوونەی پارتیمانی کرد . هەنگاوی چونە سەر خاکی نیشتمان کاریگەریتی خۆی هەبوو بۆ ئەوەی کەبواری فراوانتر ببەخشێ بە پارتیمان بۆ گێڕانی دەورێکی باڵاتر لە خەباتی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی ( جود ) دا کە پارتیمان سورە لە سەر پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی و لەسەر زیاتر نزیک بوونەوەی ڕیزەکانی و بەرەو پێشەوە بردنی خەباتی هاوبەش لەسەر گشت ئاستەکان وەک گەیشتن بە شێوازێکی فراوانتری هاوپەیمانێتی بەرەیی سەرانسەری، بەبێ لە دەستدانی ئەو هاوپەیمانێتییە پتەوەی لەناو چوارچێوەی ( جود ) دا بەدەستهێنراوە .

پارتیمان جاران و ئێستاش پێشوازی کردووەو دەکا لەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان (جود)و (ی.ن.ک) دا ئەنجام دەدرێن بەمەبەستی دروستکردنی زەمینەیەکی باش بۆ لەیەکتر گەیشتن و هاوکاری کردن بۆ گەیشتن بە کاری بەرەیی کە بەلای ئێمەوە ( جود ) چوارچێوەیەکی گونجاوە بۆ ئەم کارە .

بنکەی ڕێکخستنی پارتیمان بە شێوەیەکی هەستپێکراو پەرەی سەندووەو کاریگەریتیڕامیاریە پێشکەوتنخوازییەکەی زیاتر بووە بۆ سەر جەماوەر چ لەناوەوە و چ لەدەرەوە هەروەها پەیوەندی لەگەڵ پارتییە کوردیەکان ، بەتایبەتی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ، پتەو تر بووە لەسەرئاستی کوردستان . بەبێ هیچ لەخۆبایی بوونێکیش دەڵێین ئەو هۆ سەلبییانەی کە لەمەوبەر پەنجەمان بۆ ڕاکێشان کە بوونەتە هۆی تەگەرە خستنە سەر ڕێی خەباتی شۆڕشگێڕی لە کوردستان ، ئەوا هەمان ئەو هۆیانە دیسان کۆسپی گەورەی سەر ڕێگای خەباتی پارتیمانە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پێشکەوتنەی پارتیمان بەدەستی هێناوە شێوازێکی نەگۆڕو بێ ووچانی گرتۆتە خۆی .

<u>ئەو ئەرکانەی لەبەردەم پارتیماندایە بۆ جێ بەجێ کردن :</u>

کۆمیتەی ناوەندی لەبەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکە و ئەو گفتو گۆیانەی لەسەری کرا ئەو ئەرکانەی دیاریکرد کە لەبەردەم پارتیماندایە بۆ بە ئەنجام گەیاندن ، لەم بارەیەوە چەند بڕیارێکی پێویست درا ، لەڕووی فیکرییەوە پێویستی تەواو کردنی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە کۆبونەوەی ڕابوردودا بڕیاریان لەسەردرابوون دووپاتکرانەوە لەگەڵ پێویستی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکی تر دەربارەی کاریگەرێتی دابەزینی نرخی نەوت بۆ سەر خەباتی نیشتمانی کوردستان و عێراق ، لەگەڵ گرنگییەتی دەرچوونی( گەل ) و ( پێشەنگ) و سەرجەمی چاپەمەنییەکانی تری پارتیمان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک، لەبەر ئەو کاریگەرێتییە فیکری و ڕاگەیاندنییەی کە هەیانە بۆ سەر ناوەندە نیشتمانییە کوردی و کوردستانیی و عێراقییەکان و لەبەر ئەوەی ئێستا بواری بڵاوکردنەوەیان لەناو وڵاتدا زیاترڕەخساوەئەمە سەرەڕای ئەو هەموو گیرو گرفتانەی دێنەڕێی دەرچوون و بڵاوکردنەوەیان .

لە ڕووی پراکتیکەوە ، .ئەرکی سەرەکی لەبەردەم پارتیماندا بریتی یە لە فراوانکردنی ڕیزی پێشمەرگەکانی و دامەزراندنی بنکەی پێشمەرگایەتی لە ناوچە جۆربەجۆرەکان و دەستەبەر کردنی پێویستییەکانی خەباتی چەکداری بۆیان بۆ ئەوەی پارتییە خەباتگێڕەکەمان دەوری خۆی ببینێ لەخەباتی چەکداریی دا ئەمەش بە هاریکاری و پێکەوەکارکردن لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان لە (جود) ولەگەڵ گشتهێزە نیشتمانییەکان دژی ڕژێمی فاشی و ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئاغای ئەو ڕژێمە . لەگەڵ دووپاتکردنەوەی پشتبەستنی هێزەکانی پێشمەرگە بەبنکەی حیزبایەتی کە دەبێ بێ ووچان خەباتبکرێ بۆ پتەوکردنی .

هەروەها کۆمیتەی ناوەندی چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد دەربارەی ڕێکخستن و کارکردن .

لە کۆتایی دا داوا لە گشتئەندامان و لایەنگرانی پارتییە خەباتگێڕەکەمان دەکەین کە ڕادەی خەباتی خۆیان زیاتر بەرزبکەنەوەو ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان بەخوێن گەرمیی و بە پەرۆشەوە جێبەجێ بکەنو هەمیشە تێکەڵی جەماوەربن چونکە جەماوەر سەرچاوەی ژیانی پارتیمان و خەباتەکەیەتی و داوایان لێ دەکەین کە قوربانی بدەن بە هەموو شتێ لە پێناوی ئارمانج و ئاواتەڕەواکانی پارتیمان دا کەلەهەمان کاتیشدا ئارمانج و ئاواتی گەلەکەمانە، ئەوەش بە پشتبەستن بە فیکرو ڕامیاری شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازانەی پارتیمان و پەیوەندییە مەبدەئیەکانی و هاوپەیمانێتی یە مەوزووعی و دروستەکانی .

کۆمیتەی ناوەندی

پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان

نازەڕاستی ئایاری /١٩٨٦